www.kurdistannet.org
15-9-02 13:18:25

# هەوری ئاسمانی ژووری نوستنەکەم

## جەزا چنگیانی

لە ناوەختی دەروونێکی گنگڵ خۆاردووی شەویکی تەنیاییدا، پەڵە هەورێکی سپی وبێگەردی وێڵی ئاسمانی مۆسکۆ ڕژایە ژووری نووستنەکەمەوە.ڕایچڵەکانم، زۆر بە ئەسپایی لە دەورم ئالا، ئالاندیك دەیویست لەشی گەرم وگوڕی گەرمیانیم * لە ئامیزی سارد و سڕ و تەزیویدا بتاوینێ و هەڵمبمژێ، چۆارپەلی لێپەیدا بوو بالایەکی قەدبڵندی کەمێك خرپنی شوشەیی، جووتی مەمکی نەمژراوی سروشتی، لە تەك خۆیدا دووئەستیرەی تازە لە دایك بووی ئاسمانی مۆسکۆی هانیبوو کردبوویە چاوی ٬ ئا دووچاوی گەش و نەرم و نیانی ڕۆمانسی شەرمن و نائاشنا.پریژیکی میژوویەکی چاوەڕوانی پڕ حەزی ماچی لێدەپرژا، شەپۆلی قژێکی خورمای کاڵ، وەك ڕەنگی قاوەی تەریوی پەلکە زیڕینەی دوای بارانێکی کەم، بە لامل وپشت و گەردنی ڕووت وگوومەزی نەرمۆڵەکانی سەرسنگیا ڕژابوو، گۆپکە پەمەییەکانی مەممکی وەك تینوی هەلاوی دەمێکی دەروون گەرم بن، ئاوا ئاگام لیبوو فوویان لە تالە مووە ڕژاوەکانی سەر زمانیان و سەرەتاتیکیان لە تەك تەڕی لیوەکانما دەکرد.لەسەر تەختی نووستنەکەم وەك پەیکەری خانمێکی هەوریی بە ڕووتی وەستا.بە زمانیکی زۆر نیان، هاتە دووان.ووشەکانی تامی شیعرەکانی پۆشکین و دەنگی.دەنگی نۆتەکانی چایکۆفسکی و هەناسەی بۆنی (کڤاز)*ی لێدەهات.باوەشی پێداکردم و عەزرەتی بوو منی گەرمیانی لە ئامیزی تەزیویدا بتاوینێ.بە سۆزەوە سەری خستمە نیوان هەردوو نەرمۆڵەکانیەوە توند نوساندمی بەخۆیەوە، گۆپکەکانی مەمەکی یەك لە دوای یەك خۆیان ترازانە نیوان لێوەکانمەوە و لەتەك سەری زمانما بازی ختوکەیان بەیەکتری دەکرد، بەلەشی هەوریدا شۆڕبوومەوە چاڵی ناوکیم مژی، بۆنی بە هەشت وسروشتێکی ڕەسەنی ڕووسی لێدەهات، زۆر هەوڵیدا بمکات بە چەند نمە و بمتکێنێتە ناخیەوە.کەمێك خۆم ترازان پێم ووت.

ئاخر ئەی کچی هەور چۆن گەرم لە ساردا دەتاوێ ؟

(بە هەردوو دەستە هەوریەکانی سەری گرتم وچاوە ئەستێرەییەکانی بڕیە قولایی چاوە قاوەیەکانم و ناسکە ماچێکی لێوەکانمی کرد و بە ئەسپایی ووتی)

ئەدی تۆنازانی گەر دەروونی تەزیوی منی هەور گەرم ڕابێ، چ هەورە بروسکەیەك لە دایك دەبێ؟ دەمەویت پیش گەرمڕاهاتنی دەروونم، گەرمی دەرونت هەڵمژم، من دەمێکە لە ئاسمانی تەزیووی مۆسکۆوە لە چاوەڕوانی هەورە بروسکەی حەزێکدام، ڕووم تێناکات.بویە وا ویڵی ولاتێکی ناموو ژوور و باوەشی تۆم.وا من هاتووم.تینویتی چەند ساڵ چاوەڕوانی و گلەیی سەختی رۆحم بۆ تۆ هانی دە ئازابا ئەی گەرمیانیە تەنیاکە.با وەك تەریوی دوو دونیای جیا.لە ناو یەکدا بتوینەوە.دە ئازابا لە ناخی دەروونی سروشتی من دا.لە جیاتی ڤۆدگا نەك قومێ تا خوا حەزدەکا (کڤاز)ی حەزم بنۆشە.منیش لە باخەڵتا رۆح دەچنم.

من چەند ساڵە وێڵی ئاسمانێکی بێ باوەشم.ئەدی دەخیلتم پێم نالێت تۆ چەند ساڵە لە کۆیت؟

من هاتووم چرکە مرواریيە پڕ تەکان و سرپە و حەزەکانی ئەم سەردانە کورتەم بکەم بە ملوانکەی میژوویەکی پر سەروەری لە گەردنی تەمەنمی بئالینم.بەڵێن بێ کە گەڕامەوە ڕۆمانی ماچەکانت شیعری هەناسەکانت، نۆڤڵی تەکانەکانت بۆ هاورێ هەورە تەنیاکانی ئاسمانی مۆسکۆ بخوێنمەوە، دە مەترسە وەرە لەم ڕۆحە چاوەڕوانیەم مژ بدە، وەرە لەم لەشە شوشەیە پڕ حەزە تەکان بدە.وەلێ توبیوو توو ڕۆحی ڕۆمانەکانت لە عەزرەتا پیستی سپی و کاڵم مەڕوشینە، ڕەنگی پەمیی گۆپکەکانم مەژاکێنە، ئا ووریابە لێوەکانم بەرگەی ماچی شیتانە و مژینی توند ناگرن، بە گاز مەیانترسینە.ئاخرتۆ نازانی لە ناو هەورەکانی مۆسکۆدا من (شۆخە نازناوم)؟ کە گەڕامەوە با لە جیاتی شەرم شانازی بە ماچەکانتەوە بکەم، ئا بەڵێن بێ مۆری لێوە قاوەییە گەرمەکانی سەر لێو و گۆپکە وسنگ و گەردن و ناوك و کیشوەری لەشم نەسڕمەوە، ئەزانی بۆ ؟ با هەورەکانی هاوڕێم بڕوابکەن منی سەر هەڵگرتووچەند بووخچە ماچم بە ڕۆح چنیوە.هەر ماچێکی مۆری فیزەی سەفەری ژووریکی پڕ عەشقە.وەرە وەرە پاڵەوانی خەوە ئەرخەوانیەکانم، تا گەرمی ڕۆحت مۆڵەت دەدا تەکان بدە، تەکانەکانت هەر چەندە گەرم بن تینویتیم زیاتر دەشکین.ئاخر سروشتی دەروونی هەور وایە کە گەرم دابێ لیزمە بارانی عەشق بە سەر زەویدا دەبارێنێ.

پاڵی خستم، بە ئەسپایی ڕووتیکردم.زمانی بە سەر تووکەکانی پوزو شلکەی ڕانەکانما هانی، تاقە تووکێکی سەرسنگم نەمابوو لە ڕەگەوە بۆنی سروشتی کوردستانی لێهەڵنەمژیبێ.لەشی بووبە چەترە هەورێکی سپی وسۆڵی خرپنی پڕعەشق و هەموو جەستەمی لە

باوەشگرت.هەناسەی دەروونی گەرمڕاهات و چەند پەڵەیەك لە لەشی هەوری چڕبوونەوە وبوون بە نمە و دوای هەورە بروسکەیەکی ئۆڤ ئۆڤ.لیزمە بارانێکی بەسەر ڕۆحما ڕژاند.دوا تنۆکی تەڕایی لەشمی مژیی و بە ئارامی بەرە و ئاسمانی ژورەکەم فڕی.(پەلیم گرت و هاوارم لێهەڵسا)

ئەی کچی هەور بۆ کۆی دەڕویت بیٚ بەجیهیشتنی ناونیشانیٚ، بەڵێنی، ژووانیٚ جێم دەهێڵی ؟

دەڕۆم بۆ ئاسمانەکەی خۆم، ئاسمانی عاشقە تەنیاکانی مۆسکۆ.ئیستا دەستە خوشکەکانم چاوەڕێمن، چاویان بڕیوەتە ڕێگەی ئاسمانێکی بیٚ من، چاویان ناچیتە خەو تا چیرۆکی ئەم سەفەرە پڕ ماچ وتەکان و هەڵمژینەیان بۆ نەگێڕمەوە.ئۆقرە ناگرن.

دەپێم بڵیٚ ....کەی دێتەوە ؟

نازانم !!!! وەلیٚ هەردێمەوە.ئاخر تەمەنێکە من ئەودالّی باوەشێکی گەرمم، وا ئیمشەو چەشتم دڵنیابە چۆلەکەی ئەم ڕۆحەی من ئیتر بیٚ سرپەی گەرمی هەناسە وتەکانەکانی تۆ ئۆقرە ناگرێت، هەردێمەوە.

تکایە تا دیتەوە و فیزەی هەمیشەی ژووری نووستنەکەم وەردەگریت، قوربانت بم چەند چلٚ لە پەنجەکانتم بۆ بەجیبهێڵە و با لەجیاتی تۆ، بیخی مووەکانی سەرسنگ و بەرمووسەلاّنم ختوکە بدەن و بمخەنە خەو.

نا نا هەورەکانی هاوریم بیٚ پەنجە منیان ناویٚ.دەڵێن تۆ لە سەفەری عەشق و ڕووتیدا بوویت یان جەنگیکی جەرگ بڕ.وا بیٚ پەنجە گەڕاویتەوە.نا چڵە پەنجەت نادەمیٚ.ئاخر نازانی ڕۆژی چەند جار پەنجەکانم دەکەمە شانە و لە بەر ئاوینەی دەریای ڕەش و شەختە سەهۆڵی سیبریادا پرچی پەلکەزیرینەی پیٚ ڕێکدەخەم.زویر مەبە تا جاریکی تر دیمەوە.دەبیٚ لەگەلٚ یادگاری سرپەی ماچەکان، ئۆڤی تەکانەکان، مۆسیقای هەناسەکان بتلێتەوە.وەلیٚ بەڵێنت پێدەدەم هەموو شەوێك پێش نووستنەکەت و زۆر بە ئارامی و لە سەر ئاوازی ماچەکانمان بەشیعر لای لایەی ڕۆحی گڕ گرتووت بۆ بکەم.ئارامبگرە ئەی گەرمیانیە شەیداکە، سەفەری خۆشەویستی زۆر ناسك و دژوارە پەلەمەکە هەردیمەوە لە تەك مەلۆی حەزی جێماوی تەمەنێکی درێژدا دێمەوە.پەلەمەکە لەم سەفەرە پڕ عەشق و تەکانەدا هەزارەها چرکە و ووشە دەبیٚ بە قوربانی.قەدەرێکە ڕێچکەی تەمەنی ویلّم سات لە دوای سات لە بەرچاوم گوزەر دەکات و نەچەپکە گولّێکی ماچی گرتووە و نە باوەشێکی شەهوەتاوی.من ئیستا تۆم هەیت.ئیتر چرکەکانم بۆ تۆ مەلۆدەکەم.ئیتر هەناسەکانم بە بۆنی هەناسەت بۆندار دەکەم، ئیتر لە وێوە.لە ئاسمانی مۆسکۆوە سەردەخەمە سەر سنگی نەرمی هەورەکانی هاوڕیم و بیرت دەکەم، خەفەت مەخۆ هەردیمەوە.من لەویٚ زۆر تەنیام وکەس شك نابەم لە ڕۆحی تۆ زیاتر گەرمی لێبچنم، تۆش لە ژوورەکەتدا وەك من.ئەو ساتانەی هەناسەی شەپۆلەکان هەڵدەکەن و بەرو قولاّی ئاسمانێکی بیٚ سنورم دەمبەن هەست بە تاوانیٚ لە سیەکانم دەکەم.چونکە بۆنی ژووری نووستنەکەتم لێدوور دەخەن.ئارامبگرە پاڵەوانی چرکە ڕۆمانسیە ڕووتەکانم، قەدەرێکیە من وا دەژیم و لە چاوەڕوانی لەشی گرمیانیێکدام.هەردیمەوە ئەمجارەیان کە هاتمەوە بە دیاری شانۆنامەیەکی نەبینراوی ئۆرۆتیکی ستانسلافسکیت بۆ دێنم و پێکەوە دەبین بە دووئەکتەر لە سەر تەختی شانۆی ژووری نوستنەکەت نمایشی دوو عاشقی ڕووت دەکەین، کە هاتمەوە ملوانکەیەك لە دەنکە مرواری هونراوە وونبوەکانی دەریای ڕۆمانسی پۆشکینت بۆدەهێنم و لە پشووی ژەمە سێکسیەکاندا سەردەخەمە سەر سنگە تووکاویەکەت و هیدی هیدی بۆت دەخوێنمەوە پەلەمەکە هەردێمەوە ترپەی دلّم.

وورده و وورده تەنك بوو لە قولاّی ئاسماندا توایەوە بە تەنیا و بە ڕووتی لە ژوورەکەدا بەجێهیشتم.

* گەرمیانی (مەبەست باشوری کوردستانە کە لە چاو بەشەکانی تری کوردستان بە گەرمیانی کوردستان ناسراوە).

* کڤاز جۆرە خۆاردنەوەیەکی ڕۆسیە و زیاتر لە هاوین وکاتی گەرمدا دەخورێتەوە.

٤ —٩—٢٠٠٢